# ئەی ژن .. تەڕتر لە باران بە گریان..

**بۆ خەمەکانی کەژاڵ ئیسماعیل**

**شیعری**

**حەمە کاکەڕەش**



**سوێد**

2003

heme_kaka_rash@hotmail.com

ئەی ژن
مانگ تر لە مانگ بە تریفە
ئەی ژن
ئەستێرەتر لە ئەستێرە بە ورشە
ئەی ژن
میهرەبانتر لە خۆر بە عشق
نەرمو شلتر لە ئاو بەخەیاڵ
سووتاوتر لەئاگر بە هاوار
ئەی ژن
تەڕتر لەباران بەگریان
کوژراوتر لە با. بەناڵە
ئەی ژن
گوڵتر لە گوڵ بەڕەنگ و بۆن و ناسکی
دڵتر لە دڵ بە چرپە و خورپەی ژیان
ئەی ژن
لە پایز غەمگینتر بەوەرین
لە بەهار ڕەنگینتر بە ئەوین
لەکۆتر ناسکتر بەجوانی
لەکانی ساکارتر بەڕوانین
ئەی ژن
لەدەرەوەی دەنگی تۆ
لەدەرەوەی ڕەنگی تۆ
لەدەرەوەی هەناسەو... شەبەنگ و شەنگی تۆ
بەفرەکان ڕەش بوونەوە
نیشتیمان بە تاڵبوو لەعەشق و جوانی

کۆترەکان بیر لە ئاسمانێك دەکەنەوە لەژێر دەریا
دەریاکان خەون بەخاکێکەوە دەبینن
لەو دیوو دڵی ئاسمانەوە
بولبووکان لە قەوانا دانیان بۆ ڕۆکراوە
پشیلەکان لەکەوڵی وەفایان بۆن بەگوڵەکانەوە دەکەن
ئەی ژن
باوکەکان لەتاریکیدا لافیتە بۆ مەرگی خۆر دەنوسن
ئەی ژن
بێهودەیە بێهودە درەختەکانی نیشتیمان
دەکرێنە دارشەق و تابوت و کەپر بۆ پیاوە یەك لاقەکانی
زێرابی بەرد
ئەی ژن
عەبەسە یەك خۆر شەپۆل دەدا
یەك با دەبارێ
یەك باران هەڵدەکا
هەزار باوک هیچ خوایەك ناپەرستن
یەك خەونو خوێندنەوەیان هەیە بۆ ژیان
ئەی ژن
ئێمەی پیاو باخچەکانمان ژەهر ڕێژ کرد
ئینجانەکانمان فڕێدایە زبڵدانەکانەوە
گوڵەکان لەقەوان و پۆستاڵەکاندا ناڕوێن
بەناوی عەشقەوە لەگوناها ڕاکشاین
جێژوانەکانمان بوون بەسەنگەری شەڕ
سەنگەرەکانمان بەجێژوانی مردن
ئەی ژن
ئێمەی پیاو باڵی پەپولەکانمان وەراند
گەردەلوول والوولماندەدا
ڕووناکیمان ئەتککرد
تاریکی دەمانخواتەوە
دڵمان بەڕووی باراندا پێوەدا
بۆ گوڵێ دەچینەئاسمانا
ئەی ژن بەهەڵە ژیاین
لەدەرگای هەموو ماڵێ ئەم سروودەمان نوسی....
شەڕ جوانترین باڵندەیە
خۆشترین دەنگی بەلاوەیە
گوێ لە چریکەی خوێن بگرن
جوانی هەر لەکەلاوەیە
خوێن ژیان دەنوسێتەوە
هەموو شتێ پیر بوو وەک خەونەکانی مناڵیتان
تەمەن درێژی بۆ شەڕە بیر لەئاشتی مەکەنەوە

چۆن ئەو ماسییە پیرانەی لە قوڵایی دەریاکانا
بیر لە هیچ ناکەنەوە
بیر لەژیان عەشق جوانی مەکەنەوە
لەدووربینی شەڕەوە جوانییەکانی بوون ببین
دەستان لەسەر دڵتان لابەن
بیخەنەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکان
ئەڵقەی عەشق وردو خاشکەن
یەکی ئەڵقەی ڕومانەیەک بکەن بەپەنجەی ڕوحەوە
وێنەگرتن بەچەکەوە جوانە
پیاسەکردن بەچەکەوە پیاوانەیە
ماچکردن بەچەکەوە خۆشە
مردن بەچەکەوە پیرۆزە
وێرانەی شەڕ ئاوەدانییە خەیاڵی ئاوەدانی عەشق مەکەن
مانگ و خۆرو ئەستێرەکان ئەکەین بەسەنگەری شەڕ
ئەی ژن
ئێمەی پیاو ئەم سرودەمان خوێند
ئەی ژن منیش وەك تۆ تاوانبارم.. کەئەڵێم
ئەڵێم بابەرزبونەوەی چینەکانی دەنگی پیاو
لە سەر بێدەنگی ژن نەبێ
بادرەوشانەوەی ڕەنگەکانی پیاو
لە سەر بێڕەنگی ژن نەبێ
ئەی ژن
بریندارتر لە مانگ بەتریفە
وێرانتر لە ئەستێرە بەورشە
پڕ هاوارتر لەخۆر بەتیشک
تەڕتر لەباران بەگریان
کوژراوتر لەبەفر بەکپی
ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژیان ئەی ژن
بمبەخشە تۆ پیرۆزی
تۆ گەورەی
بمبەخشە هیچم نییە بۆ وتن
بمبەخشە منیش وەك تۆ خەمبارم
هەراسانم بۆ هەڵوەرینەکانی ژن.